# بارەگای مەرکەزی كۆنگرەی ئازادی عێراق لە بەغداد کرایەوە.

بەپێی بەیانێکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی كۆنگرەی ئازادی عێراق کە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 18ی حوزەیراندا دەرکراوە هەر هەمان ڕۆژ بارەگای مەرکەزی كۆنگرەی ئازادی عێراق لە شاری بەغداد بە ئامادەبوونی سەمیر عادل سکرتێری كۆنگرەو ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حیزبی كۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و قاسم هادیو یەنار محەممەدو ویسام شاکر ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی ئاهەنگی کردنەوەی ساز کردووە. شایەنی باسە لەم ئاهەنگەدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیو نوێنەری حیزبو لایەنە سیاسیەکانو ڕێکخراوە کرێکاریەکان کە لە بەغدادو مەحمودیەو ئەسکەندەریەوە هاتبون و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشداریان کردووە. وە لە بەیانەکەدا هاتووە کە هۆڵەکە بە چەندین لافیتە ڕازێنراوەتەوە کە لەسەریان نوسراوە: نە ئازادیو خۆشگوزەرانیو نە ئاسایش نایەنە دی هەتا داگیرکاری لە ئارادا بمێنێت، پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیر قەومیوغەیر دینی زەمانەتی بەرگرتنە بە شەڕی ناوخۆ، مناڵانمان مەکوژن لە پێناو تەفرەقەی قەومیو تائیفیدا، نا بۆ تیرۆر نا بۆ داگیرکاری نا بۆ ڕەگەزپەرستی میللی نا بۆ تایەفە گەریتی بەڵێ بۆ ئازادی عێراق.

لە بەشێکی تری بەیانەکەدا هاتووە کە ڕێبوار ئەحمەد ووتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە پرۆژەی كۆنگرەی ئازادی عێراق داهێنانێکی زۆر گەورەیەو دەستپێشکەرییەکە کە ئەتوانێ دەرگاکانی بەردەم ڕزگارکردنی كۆمەڵگەی عێراق لەم هەلومەرجە نالەبارەدا بکاتەوە، وە دەتوانێت هێزێکی گەورەی كۆمەڵایەتی خڕ بکاتەوەو قوتبێکی بەهێز بێت کە هەژمونێکی جیهانی هەبێت لە بەرامبەر جەنگو داگیرکاریو پێشبڕکێی تیرۆریستاندا، وە هەنگاوێکی گرنگ بێت بە ئاراستەی ڕێکخراو کردنی بزووتنەوەیەکی گەورەی جەماوەریدا کە کاریگەری هەبێت لە دژایەتی کردنی داڕوخانی بنەماکانی كۆمەڵگەی مەدەنیدا بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی ڕۆشنو گەش بۆ كۆمەڵگەی عێراق. لە هەمانکاتدا كۆنگرەی ئازادی عێراق بوارێکی گەشو ئومێدبەخش دەکاتەوە لە جیهاندا بەڕوی حەرەکەتی ئینسانی موتەمەدیندا لە دژی دوو قوتبی تیرۆریستی جیهانی، ئەمریکاو تیرۆریزمی ئیسلامیو شەڕی تیرۆریستیاندا،و بوار بۆ حەرەکەتی ئینسانی موتەمەدین دەکاتەوە کە دەخاڵەتی جددی بکەن لە گۆڕەپانی عێراقدا بە قازانجی ئازادیو مەدەنیەتو عیلمانیەتدا. هەروەها ڕیبوار ئەحمەد بێجگە لەوەی دەنگی خۆی خستۆتە پاڵ كۆنگرەی ئازادی عێراق، بانگەوازی هەموو ئەو کەسانەی کە لە پێناو ئازادیو گێڕانەوەی مەدەنیەت بۆ عێراق تێدەکۆشن، کردووە کە پەیوەست بن بە كۆنگرەرەوەکەوە.

هەر لەو نێوەشدا ژمارەیەك لە ڕابەرانی کرێکاری پشتیوانیو پیرۆزبایی خۆیان ڕاگەیاندووە، لەوانە سەرۆکی نەقابەی خزمەتگوزاریو نەقابەی چاپەمەنیومیکانیك لە ئەسکەندەریەو ژمارەیەك کەسایەتی تر بوون.

ئامادەکەری هەواڵ

جبار محسن